# بە ئیمێل کۆمپیوتەر کۆنترۆڵ بکەن

ڕەنگــە بروانەکــەن و لاتان ســەیر بێ کە بکرێ لـــە ڕێگای دوورەوە تەنیا بە ئیمێـــل کۆمپیوتەر کۆنترۆڵ بکەن، بـــۆ نموونە ئێوە لە ســـەفەرتان کردووە بۆ شارێکی دیکە و لەوێوە فەرمان بدەنە کۆمپیوتەری ماڵەوەتان کـــە بکوژێتەوە یان هەڵبێـــت. هەروەها زۆربەی فەرمانەکانـــی دیکە لە بە ئیمێل جێبەجـــێ بکەن. بەهۆی پرۆگرامی Tweet Mypc ئێوە دەتوانن فەرمانەکانی وەك کوژاندنـــەوە و هەڵکردن، قفڵ کـــردن و دانلۆد کردن و فەرمانەکانی دیکە بۆ کۆمپیوتەرەکەتان بنێرن.




شـــێوازی بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زۆر ئاســـانە، لەســـەرەتادا پرۆگرامەکە لە ئینتەرنێت دابەزێنن و پاشـــان دەبێ حەتمەن لە ســـایتی تویتەردا ئەندام بێ، کە ئەندام بوونیش لەوسایتەدا زۆر ئاسانە، ئێستاکە لە ڕێگای ئیمێلەوە فەرمانێك بۆ پرۆگرامەکـــە دەنێردرێ ئەو پرۆگرامە ئـــەو فرمانە وەردەگرێ و جێبەجێی دەکا. فەرمانەکانیش بریتین لە: کوژاندنـــەوە، log Off کردن، دابەزاندنی فایلەکان، قفڵ کردنی کۆمپیوتەر...تاد. پرۆگرامەکە دەتوانن لەو لینکە وەربگرن.

http://www.4shared.com/file/tASSZG4h/TweetMyPC_Setup.html


## بۆ فێربوونی وێنەگری سایتی www.geofflawrence.com بکەوە




زۆر لە ئێمەمانان حەز دەکەین پیشەی وێنەگری فێربین، بەڵام هەلی ئەوەمان نییە بچینە خولەکانی تایبەت بەو پیشـــەیەوە. بەڵام ئەو ســـایتە ئێوە هەنگاوێك لـــە وەدیهاتنی ئاواتەکانتان دێنێتە دی.

هەرشتێك لەبارەی وێنەگرییەوە دەتهەوێ بیزانی لەو سایتە دا دەیدۆزییەوە. وانەی تایبەت بە وێنەگری، لە خولی سەرەتاییەوە تا خولی پێشـــکەوتوو، ناســـاندنی ئامێرەکانی وێنەگرتن، لەو سایتەدا دەتوانی وێنەکانی خۆت لە گەڵەری سایتەدا دابنێی، تاکو ئەندامانی دیکە بۆچوونی خۆیانی لەسەر بنووسن.

## بۆ دابەزاندن و دانلۆد کردن سوود لە پرۆگرامی Internet Download Manager 6.0 وەرگرە




یەکێك لە بەهێزترین ئەو پرۆگرامانەی کە ئەرکی بەڕێوەبەردنی دابەزاندن واتە دانلۆد جێبەجـــێ دەکات، پرۆگرامی Internet Download Manager 6.0 ە. خێرایـــی بەرچاو لە دانلودی ئەو پرۆگرامە دەکرێ بڵێین هیچ پرۆگرامێکی ڕکابەری نییە. ئەو پرۆگرامە لەگەڵ زۆربەی دینەمۆکانی بەدواداگەڕانی ســـایتدا دەگونجێت. بە دابەزاندنی ئەو پرۆگرامە بە ئاســـانی دەتوانی لە سایتەکانی youtube، google video، myspaceTV فایلـــی ڤیدیۆیـــی دابەزینی.

تواناکانی پرۆگرام:

- تـوانـــای درێژەدانی ئەو فایلەی کـــە بەهەر هۆیەك بێ هێڵی ئینتەرنێتەکەی پچراوە.
- دابەزاندنی فایلی ڤیدیۆیی لە ئینتەرنێت.
- پشتیوانی کردن لە فایلەکانی زیب کراو.
- گونجان لەگەڵ گشت سیستەمەکانی ویندۆز...تاد.

# سکاینەرێک فیلمیش سکان دەکات




سکاینەر، ئەو ئامرازە لاوەکییەی کۆمپیوتەرە، رێگایەکە بۆ گواستنەوەی دەق و وێنەکان لەسەر کاغەزە بۆ سەر کۆمپیوتەر، لەمدواییانەدا سکاینەرێك بەناوی V600 لەلایەن کۆمپانیای ئیپسۆنەوە بەرهەم هاتووە کە نە تەنیا وێنە و دەق، بگرە فیلم، نیگەتیف، سلایدیش سکان دەکات، ئەو سکاینەرە باشترین ئامرازە بۆ وێنەگران وکامیراوانان، چونکە دەتوانن فیلمی وێنەکانیشیان سکان بکەن. لەو سکاینەرەدا بە ئاسانی تۆز و خۆڵ لەسەر فیلمەکان لادەبردرێ و هەروەها شوختی فیلمەکانیش ناهێڵێ.

# قەبارەی خەزن کردن لە دیسکی Blu-ray دا گەیشتە ١٠٠ گیگابایت


بەم دواییە کۆمپانیای شارپ جۆ رێکی نوێی لە دیسکی Blu-ray بەرهەم هێناوە کە دەتوانێ تاکو 100 گیگابایت داتا لە خۆیدا خەزن بکات. ناوی ئەو دیسکە نوێیە VR-100BR1ە، بەهۆی ئەو دیسکەوە دەکرێ زانیاری و داتاکان لە سێ لای دیسکەکەدا خەزن بکەی.

لەو جۆرە نوێیەی Blu-ray دا ئەو دیسکانەی کە دەکرێ پاك بکرێنەوە و لەسەریان خەزن بکرێتەوە قەبارەکەیان 100 گیگابایتە، بەڵام لەو دیسکانەی کە تەنیا یەکجار لەسەریان خەزن دەکرێ قەبارەی داکردنی داتاکان لەسەریان 128 گیگابایتە.




# لە داهاتوودا ماوسی کۆمپیوتەر نامێنێ

ماوس، بە واتا کوردییەکەی (مشك)ە، ئەو ئامێرەیە کە دەکرێ بە شاکلیلی چوونە ناو جیهانی کۆمپیوتەری ناوبەرین، بەبێ ماوس ئەرکەکان جێبەجێ نابن، پرۆگرامەکان ناکرێنەوە.. بە هەنگاو هاویشتنی تەکنۆلۆژیای دیجیتالی بەرەو هۆشمەندی و لەمسی، پێدەچێ ماوس ئەو گرنگیەی جارانی نەمێنێ.



کۆمپانیای ئەپل بەم دواییانە ئامێرێکی دروست کردوە کە بە Magic Trackpad ناسراوە، بەهۆی ئەو ئامێرەوە ئیدی بەکارهێنەر پێویستی بە ماوس نامێنێ. ئەو ئامێرە بەتەواوی شوێنی ماوس دەگرێتەوە. هێماکانی جولە بۆ ئەم ئامێرە بەم شێوەیەن، جولەی دوو پەنجە بۆ سەرو خوار و چەپ و راست، زەربە لێدان بۆ گەورەکردن، سوڕاندنی وێنە بە یارمەتی سەری پەنجەکان.... تاد. بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەکرێ تەنانەت گەر 10 مەتریش لە کۆمپیوتەر دوور بی بەهۆی سیستەمی بلوتوسی ئامێرەکە دەتوانی ئەرکەکان جێبەجێ بکەی.

## سایتی ئای تی گـ








نوێترین زانیاری و هەواڵ لەبارەی تەکنەلۆژیای سەردەم، ناساندنی سایتە گرنگەکانی جیهان و زانیاری لەبارەی چۆنییەتی جیهانی ئینتەرنێت، ناساندنی پرۆگرامە گرنگەکان... وانە و فێرکاری بابەتە گرنگەکانی کۆمپیوتەر و زانیاری لە بواری مۆبایل و کامێرا...هتد. لە ئای تی گوڵاندا بخوێنەوە.

ئای تی گوڵان, دەروازەیەکی دیکەی تەکنەلۆژیای دیجیتالی سەردەمە بە زمانی کوردی.. لەو ماڵپەڕەدا هەوڵ دەدرێ، وانەی گرنگ لە بواری دروستکردنی ماڵپەڕ، فێرکاری لە جیهانی گرافیك و نەخشەسازی، فێرکردنی پرۆگرامەکانی Office Micro-







# بۆچوونە هەڵەکان لەبارەی ڤایرۆسەوە

هەر تێکچوونێك، هەر گرفتێك، هەر کێشەیەك لەکۆمپیوتەردا بێتە پێش، دەستبەجێ بڕیار دەدەین کە ئەوە هۆکارەکەی ڤایرۆسە، کۆمپیوتەرەکە ڤایرۆسی گرتووە، بۆیە وا خێرایی دابەزیوە، یان بۆیە لە خۆرا دەکوژێتەوە، یان پرۆگرامەکان بە درەنگەوە دەکاتەوە یان....تاد. بەڵام ئەوبۆچوونانە تەواو هەڵەن، واتە هەر گرفتێك لە کۆمپیوتەردا بێتە پێش پەیوەندی بە ڤایرۆسەوە نییە، زۆر کەس پێی وایە ئەو فایروال، واتە «ئاگرە دیوار»ەی لەسەر کۆمپیوتەرە ئیزن نادات، کۆمپیوتەر تووشی ڤایرۆس بێ. لەسەرەتادا دەبێ بڵێم، فایروال، کۆمپیوتەر لە چنگ ڤایرۆس رزگار ناکات، بگرە ناهێڵێت لە دوورەوە و بە نهێنی لە کۆمپیوتەرەکەی ئێوە شت بدزرێت و سیخوری لەسەر کۆمپیوتەرەکەتان نەکرێت.

هەندێك وا بیردەکەنەوە، کە سووتانی یەکێك لە پارچەکانی کۆمپیوتەر و تێکچوونیان پەیوەندی بە ڤایرۆسەوە هەیە. لەسەرەتادا دەبێ بڵێم، ڤایرۆس ناتوانێ زیان بە هیچ پارچەیەکی کۆمپیوتەر بگەیەنێ، تەنیا زیان لە بەشی پرۆگرام و سڕینەوەی داتا و تێکدانی سیستەم دەدات، ئەگینا ناتوانێ زیان بە هیچ پارچەیەکی کۆمپیوتەر بگەیەنێ.

بۆچوونێکی دیکەی هەڵە ئەوەیە، کە هەر هەڵەیەك لە سیستەمدا بێتە پێش سووچەکەی دەخەنە ملی ڤایرۆسەوە، بەڵام وا نییە، فایلەکان بەبێ بوونی ڤایرۆسیش تێکدەچن. هۆکارەکەشی رەنگە لەبەر تێکچوونی پرۆگرامەکانەوە ببێت.

هەندێك کەس لایان وایە هەرکە کۆمپیوتەر تووشی گرفت بێ، دەستبەجێ دەبێ فۆرمات بکرێتەوەو ویندۆز دابندرێتەوە، بەڵام ئەوە خۆی لە خۆیدا زیانی هەیە، ناکرێ هەرکاتێك کۆمپیوتەر ڤایرۆس لێیدا یان تووشی گرفتێك بێت سیستەمەکەی فۆرمات بکەیەوە. دانانی ئەنتی ڤایرۆسێکی باش کە ئیمکانی نوێبوونەوەی هەبێ، زۆر لە گۆڕینی سیستەم باشترە.



هەمیشە بڕوا بە ئەنتی ڤایرۆس مەکەن، زۆر کەس پێیوایە کە کۆمپیوتەر ئەگەر ئەنتی ڤایرۆسی لەسەر بوو، ئەوە تووشی هیچ زیانێك نابێت، بەڵام وا نییە، رەنگە باشترین ئەنتی ڤایرۆسیشی لەسەر بێ، بەڵام ڤایرۆس دزە بکاتە کۆمپیوتەر. زۆر کەس لای وایە کرانەوەی سایتی Sex بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پەیوەندی بە بوونی ڤایرۆسەوە هەیە، بەڵام دڵنیایان دەکەمەوە ئەوە هیچ پەیوەندی بە ڤایرۆسەوە نییە، چونکە گەر سایتەکە ڤایرۆسی تێدابێ، بەر لە هەموو شتێك زیان بە خودی سایتەکە دەگەیەنێ. کرانەوەی ئەو سایتانەی بەشێوەی ئۆتۆماتیکی پەیوەندی بە پرۆگرامی دۆزینەوەی سایتەکانەوە هەیە، جا internet explorer بێت، یان google chrom یان opera یان...تاد. لەسەرەتا دەبێ بەشی popup blocker لە پرۆگرامەکەدا دەستکاری بکەی، واتە ئەو بەشەی کە ئۆتۆماتیکی ریکلامی سایتەکان وەردەگرێ. ئەوانەی لێرەدا باس کران بەشێکن لەو بۆچوونە هەڵانەی کە سەبارەت بە ڤایرۆس هەمانە، هیوادارم وا بیرمەکەنەوە، هەر گرفتێك لە کۆمپیوتەرەکەتاندا هاتە پێش پەیوەندی بە ڤایرۆسەوە هەیە..

# ـولان کرایەوە






soft دابندرێ, هەوڵ دەدرێ فێرخوازێکی ئەم بوارە بە زمانێکی سادە فێری پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر و چۆنییەتی چاککردنەوە و لە پاڵیەکخستنی پارچەکانی کۆمپیوتەر و فۆرماتکردن و چارەسەری گرفتەکانی کۆمپیوتەر ببێ. ئای تی گولان، دەروازەکەی والایە بۆ ئەو بەرێزانەی لەو بوارەدا شارەزاییان هەیە، کە بە بابەتی گرنگ سایتەکە دەوڵەمەند و بە سوودتر بکەن، هەروەها دەرگای کردۆتەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لەو بوارەدا دەکرێن.

**سەرکەوتن بۆ سایتەکە و سەرفرازیش بۆ ئێوە.**

**ئای تی گولان**









## مۆبایل و ریش تاشین

هەروەك گەلێك جاران ئاماژە بەوە دراوە كە مۆبایل ئیدی لە بازنەی ئامێرێكی پەیوەندی گرتن دا نییە، هیچ دوور نییە لە داهاتوودا ئەوەی مەبەستت بێ مۆبایلەکەت بۆت ئەنجام بدات. هەروەك ئەم نموونەیەی مۆبایلە كە وێنەكەی لێرەدا دەبینن.

لەم دواییە كۆمپانیایەكی ژاپۆنی مۆبایلێكی بەرهەم هێناوە كە ئامێری ردێن تاشینشی تێدایە، دەكرێ لەگەڵ ئەوەی بە مۆبایلەكەت قسە دەكەی، ردێنیشت بتاشی. پێدەچێ لەداهاتوودا گەلێك ئامێری دیكەی پێویستیش بە مۆبایلەكەوە زیاد بکرێن كە ئێستا بیریشی لێ ناكرێتەوە



www.gulan-media.com/it
بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008 Email: it @gulan-media.com